عراقچی: وادەی گەڕی داهاتوی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا دیاری نەکراوە

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند، وادەی گەڕی داهاتوی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا دیاری نەکراوە. جەختیش دەکاتەوە کە پیتاندنی یۆرانیۆم لە دەرەوەی ئێران رەتدەکەنەوە بەڵام ئامادەن ئاستی پیتاندن کەم بکەنەوە.

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە، وتی، هێشتا وادەی گەڕی داهاتوی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا دیاری نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەش وتی، وڵامی ئەوەی کە کاتەکە دیاری نەکراوە، بەڵام واشنتۆن و تاران پێیانوایە کە گەڕی داهاتوی دانوستانەکان دەبێت بەزویی ئەنجام بدرێت.

وەزیری دەرەوەی ئێران وتیشی، لە دانوستانەکانی دوێنێی مەسقەتدا، ئەندامانی وەفدی دانوستانکاری ئەمریکای بینیون و تەوقەشی لەگەڵ کردون.

عراقچی جارەکی دیکە جەختی کردەوە کە ئێران پێتاندنی یۆرانیۆم لە دەرەوەی وڵاتەکەی قبوڵ ناکات بەڵام ئامادەیە ئاستی پێتاندن کەم بکاتەوە.

هەروەها جەختیشی کردەوە کە لە ئەگەری رودانی جەنگ و کردنە ئامانجی وڵاتەکەی لەلایەن ئەمریکاوە، بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەبنە ئامانجی هێرشی ئێران.

وتیشی، ئێمە نە شێو نە ململانێی ناوچەیمان ناوێت، بەڵام هەر هێرشێکی ئەمریکی بە سەر ئێران ئێمە دەگەڕێت.

ئەوەشی وت، ئەگەری هەیە لە گەڵی دووەمدا شوێنی دانوستان لەگەڵ واشنتۆن بگەڕێت.